
٣٧٧

جەبار سابیر

# بەهەشتێ لە کاغەز



41087

کۆمەلە ستوونێکی تەنزئامێزی رەخنەیی رۆژنامەوانیە

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

- بەهەشتی لەکاغەز
- بابەت: ستوونی رۆژنامەوانی
- نوسەر: جەبار سابیر
- تایپ: نوسەر
- هەلەبڕی: بەختیار حەسەن بەهاوکاری شاخەوان
- بەرگ: نوسەر
- نەخشەسازی و جیاکردنەوەی ڕەنگ: دیاری جەمال
- یەکەم چاپ: ٢٠٠٥
- چاپ: چاپەمەنی شەنگ بازاری سۆز
- ژمارەی سپاردنی (٦٦) وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە.


Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

## پێشکەش

بە شەریف پاشای سەعید کەیدان. کەو پیاوەی کە کورد زیاتر لە کورد مرد.

بە عەبدوللای خاڵە سایر. کەو پیاوەی کە سینەبەکی باراناویدا ڕۆیشت و تا ئێستاش هەر بەگەڕاوەتەوە.



Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

یەکێک لەچەکە هەرە کوشندەکانی کەبەرەو رووی ئەم جۆرە نوسینانە بەکاردەهێنرێت.. بێدەنگییە. بێدەنگی بەرامبەری ئەوەی نوسراوە.. واتە شێوازێک لە شێوازەکانی پشتگوێ خستن و گوێ لێنەگرتن. لە پاڵیشەوە ناونانی رەوشەکە بە دیموکراسی و بەکارهێنانی ئەم نوسینانە وەک چەکێک بۆ دژایەتیکردنی خودی نوسینەکان: بانگەشەکردنی بوونی دیموکراسی و بەڵگەی ئەو دیموکراسییەش بوونی ئەم جۆرە نوسینانە بێت.

ئەمە شێوازێکی دیکەی قەدەغەکردنە.. جۆرێکی تر لەیاساغکردنی نارەزایی.. شێوازێکی نەرێ بەڵام هەتا بڵێی خەتەرناک. قەدەغەکردنی وەدەنگ هاتن زەوتکردنێکی بێپەردەی مافی ئاخافتنە.. بەڵام خۆ گێڵکردن لەوەی دەوترێت.. سوکایەتیکردن و پێشێلکارییەکی زۆر خەتەرناکترە.. چونکە سەرەنجام قسەکەر دەبێت بە مایکرۆفۆنێکی بێگیان و خۆی بۆ خۆی قسەدەکات و لەو لاشەوە ئەو بکەرە کێوپیانەی بوونەتە هۆی وەدەنگهاتنی قسەکەرەکە سەرقاڵی کاری خۆیان دەبن و زیاترینش پێی لێ رادەکێشن.

هۆی ئەمە چییە؟ بۆچی هەموو شتێک دەوترێت و بەڕاشکاویش دەوترێن و هیچیش لەواقیع ناگۆڕن.. بوهیمییەکان سەروەت و سامانی ولأت بەهەدەر دەدەن و زیندانەکان پڕدەکەن لەنەیارەکانیان و پەیوەندی لەگەڵ ئەهریمەنیشدا دەگرن و جۆرەها شەڕ و گێچەڵی خوێناوی بەرپا دەکەن.. جارجارەش لەسەرشاشەی تەلەفزیۆنەوە باس لە دیموکراسی و ئەزمونی دیموکراسییانەی خۆیان دەکەن.. بەبەڵگەی ئەوەی جەبار سابیر دەنوسێت و کەسیش هیچی لێناکات..

نەهامەتی جەبار لەوەدایە کەڕووبەڕوی دژێک نەبوتەوە کەبەئەقڵ حیساب بۆ هەموو هەنگاوەکانی خۆی بکات.. بەڵکو کەسێک دەدوێنێت کەتەنها بەغەریزە ئیش دەکات..



Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ئیشکردن لەگەڵ بونەوەرێکی غەریزەییدا زۆر لەوە خەتەرناکترە کەلەگەڵ نەیارێکی زانای ئەقڵانیدا کاربکەیت.. لەم ساتەی ئێستادا بونەوەرە غەریزەییەکە نەک هەر لەقسەکانی جەبار تورەنابێت.. بەڵکو زیاتر کەیفی بەوەدێت کەئەم شەق دەوەشێنێت و جەباریش باسی دەکات.. مێژووی ئەو بوونەوەرە غەریزەییە مێژوویەکی زۆرتایبەتییە.. لەپڕێکدا و بێ هیچ پێشەکییەک لەخواروو پلە پەیژەی کۆمەڵایەتییەوە گەیشتە لوتکە.. لەڕەوشێکەوە کەلە سێبەرەکەی خۆی دەترساو نەیدەوێرا خۆی پیشان بدات، کەوتە ڕەوشێکی تڕەوە کەهەمووان لەسێبەرەکەی ئەو دەترسن. لەباریکەوە کەگلەیی لەبەختی خۆی دەکرد و ئیرەیی بەهەمووان دەبرد کەوتە باریکی تڕەوە کەهەمووان ئیرەیی بەو دەبەن.

جەبار و چەکوشەکەی لەئێستادا کاریکی بێهودو دەکەن.. بەڵام ئەم کارە بێهودەیە هەر هیچ نەبێت مانای ئەوە دەگەیەنێت کەئەو بێدەنگ نەبووە.. کەئەو بەپێچەوانەی زۆرێک لەدرۆزنەکانی ئەم جیهانەوە لەمرۆڤە غەریزەییەکە نارازییە.. ئەو مرۆڤەی لەقۆڵایی نارسیۆسیەتی خۆیەوە وادەزانێت لەلوتکەوە دەڕوانێتە خوارێ، وەلێ ڕۆژێک بۆی دەردەکەوێت کەتابینەقاقای لەبۆگەناوی مێژوودا نوقوم بووە.. گرفتەکە لەوەدایە کەئەو جۆرە بونەوەرانە کاتێک هۆشیان تێدەگەڕێتەوە کەکار لەکار ترازاوە..

یەکێک لەخەسڵەتەکانی ئەم بونەوەرە ئیرۆتییە ئەوەیە دەرس لەوانەی پێش خۆی وەرناگرێت و هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەیە سەرەنجامی وەکو ئەوان نەبێت.. وەلێ بەیانییەکیان لەهاواری تۆڵەسێنی ئەو ڕەشەخەڵکە وەئاگادێت، کەڕۆژی پێشووتر بەچەپڵەڕێزان پێشوازییان لێدەکرد..

ناوات ئەحمەد
٢٠٠٥/٢/٩





Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library